# پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی
# توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیەیە لە هەرێمی کوردستاندا

**توانا خسرو عبدالله، بەسەرپەرشتی پ.ی.د کەژاڵ حسێن**
خوێندکاری ماستەر، زانکۆی سلێمانی

**پوختەی توێژینەوە**

توێژینەوەی ئایدیۆلۆجیا لە دونیای نوێدا جێگای گرینگییێدانی زۆرە بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کە لە ژیانی کۆمەڵگاکان و سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا دروستی دەکات, هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتیش پەیوەندییەکی زۆری بە ( چەمکی ئایدیۆلۆجیا ) هەیە چونکە بەبەردەوامی پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە توێژەر بە گرنگی زانیوە توێژینەوەی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکیە بکات کە وەرگیراوە لە ماستەرنامەی (پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیە لە هەرێمی کوردستان) کە بابەتێکی کۆمەڵناسی سیاسی و مەعریفییە، ئامانج لەم توێژینەوەیە جگە لە دەرخستنی شێوازی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمك (ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان) هەروەها تێگەیشتن لەوەی ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان توانیویانە لەژێر داخوازییەکانی کۆمەڵگادا گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش توێژەر میتۆدی دیالێکتیکی بەکارهێناوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش سوودی لە ئامرازی چاوپێکەوتن وەرگرتووە، کە توێژینەوەکەش گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامە کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان (گۆڕان و ئایدیۆلۆجیا) دا هەیە، هەروەها ئایدیۆلۆجیا بۆ ئەوەی ئینتیمای بۆ بکرێت دەبێت بەردەوام لە پڕۆسەی خۆنوێکردنەوەدا بێت، پاشان دەرکەوتووە کە بەرژەوەندی ئابوری و نفوزی سیاسی ئاڕاستەی ململانێ و کێبڕکێی هێزە ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان دەکات، لە کۆتایشدا توێژەر کۆمەڵێکراسپاردە و پێشنیاری خستۆتەڕوو.

**ملخص البحث**

في العصر الحديث ، كانت دراسة الأيديولوجيا موضع تركيز كبير بسبب التأثير الذي تخلقه في المجتمعات ، والنظم السياسية والاقتصادية والاجتماعية. وأيضا يرتبط التغيير الاجتماعي بمفهوم الأيديولوجيا، حيث توجد علاقة جدلية مستمرة بينهما. لهذا السبب اعتقد الباحث أن دراسة هذه العلاقة الجدلية أمر مهم ، والتي تم استخلاصها من أطروحة ماجستير بعنوان "العلاقة بين الأيديولوجيا والتغيير الاجتماعي ، دراسة اجتماعية في إقليم كردستان" ، في حقل علماالإجتماعالسياسي والمعرفي. بالإضافة إلى توضيح شكل العلاقة بين هذين المفهومين ، أي الفكر والتغيير الاجتماعي في إقليم كردستان ، فإن الهدف من هذه الدراسة هو فهم أن الإيديولوجيات في كردستان يمكن أن تخلق تغييرات اجتماعية تحت تأثير المطاليب الاجتماعية. لتحقيق هذا الهدف ، اعتمد الباحث الطريقة الجدلية ، واستفاد من المقابلة كآلية لجمع المعلومات. وخلص البحث إلى أن هناك علاقة جدلية بين "التغيير والآيديولوجيا". علاوة على ذلك،



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لكي تحصـــل الإيديولوجيا على الإنتماء بشـــكل مســـتمر ، يجب أن تســـتمر في عملية التجديد. بعد ذلك ، تم إدراك أن المصالح الاقتصادية والهيمنة السياسية قد وجهت الصراعات والتنافس بين القوى الإيديولوجية في كردستان ، وفي النهاية قدم الباحث عددًا من التوصيات والاقتراحات.

Abstract

In modern time, studying ideology has been under an immense focus because of the impact it creates in societies, political, economic and social systems. Social change is related to the concept of ideology, as there is a continuous dialectic relation between them. That’s why the researcher thought that studying this dialectic relationship is important, which has been drawn from a master thesis entitled "*The Relation between Ideology and Social Change, a Sociological Study in Kurdistan Region*", which is a political and cognitive sociological topic. Besides illustrating the form of the relationship between those two concepts, i.e. Ideology and Social Change in Kurdistan Region, the aim of this study is to understand that the ideologies in Kurdistan could create social changes under the impact of social inquiries. To achieve this goal, the researcher has adopted a dialectic method, and has made use of the interview as a mechanism for data collection. The research has concluded that there is a dialectic relation between "Change and Ideology". Moreover, to be affiliated with, ideology needs to be continuously in a renovation process. Then, it has been realized that economic interests and political hegemony have directed conflicts and rivalries among ideological powers in Kurdistan, and eventually the researcher has presented a number of recommendations and suggestions.

**پێشەکی:**

ئایدیۆلۆجیا وەک بابەتێکی بیری و هزری لە ســەرەتای ژیانی کۆمەڵگاکانەوە هەبووە و بەردەوام مرۆڤ بە دوای پێدانی مانا بە بیرو تێگەیشــتن و مامەڵەکانی ژیانی رۆژانەیدابووە، پاشــان گەشــەکردن و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانیش بوونەتە هۆی گۆڕانی بیرو ئەندێشەی کۆمەڵگا، ئایدیۆلۆجیاکان مەبەستیانە لەسەر تەرزێکی دیاریکراو کۆمەڵگا بگۆڕن، بەڵام کاتێک هەڵگرانی ئەم ئایدیۆلۆجیایانە روو لە دۆگمایی و ســەپاندنی خۆیان دەکەن بەســەر کۆمەڵگادا ئەوا دەبنە کێشەی گەورە بۆ گەشەسەندن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بۆیە پاش چەقبەستوویی ئایدیۆلۆجیاکانیش کۆمەڵگا بە دوای گۆڕانی ئەو ئایدیۆلۆجییانە، یاخود دەستخستنی ئایدیۆلۆجیای نوێوەیە.

پاشــان بۆ نوســین و ئامادەکردنی هەر بتبەتێک توێژەران پشــت بە ئارەزووی خۆیان دەبەســتن بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکانیان ، ئەمەش رەنگدانەوەی گەشــەی هزرییان بۆ فەراهەم دەکات و دەتوانن بە شــێوەیەکی زانســتی کۆی رەهەندەکانی بابەتەکە بخەنە ڕوو و پێشـنیاری گونجاویش پێشـکەش بکەن، چونکە توێژەران سـوود لەو بارو رەوشـە ســیاســی و کۆمەڵایەتییە دەبینن کە بە درێژایی ژیـان پێیـدا تێپەڕبووە لەم روەوە توێژەر لە تێبینی کردنی ئایدیۆلۆجیاکانی کوردســتان دۆخی کۆمەڵگای کوردســتانی و ئەو گۆڕانەی بەســەریدا هاتووە هەســتی بە گرفتێکی گەورە کردووە بۆیە هەوڵیداوە لەم توێژینەوەیەدا لە چەند روویەکەوە بابەتەکە شرۆڤە بکات.

توێژینەوەکەدا، هەروەها سـودیان هەبووە لە رووی ناسـینی ئەو توانا و کۆشـشـانەی کەلە جۆری ئەم توێژینەوانەدا بەخەرج دراون.

**شەشەم: ئایدیۆلۆجیا لە قۆناغی رۆشنگەری**

مەبەسـت لە فەلسـەفەی رۆشـنگەری بریتیە لە دەرەنجامی ئەو ململانێ فیکری و کلتورییە دوور ودرێژەی کە چەندین ساڵ لە نێوان دەسەڵاتی سیۆکراتی کەنیسەی مەسیحی و دەستەبژێرە رۆشنفکرەکانی خۆرئاوای ئەوروپا هاتە دی، هەرچەندە کەنیسـە هەوڵێکی مکوڕانەی دا بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆی کایە و جومگەکانی کۆمەڵگا و بەردەوام لەسـەر دەسـتگرتن بە بنەرەتەکانی فیکری بۆماوەیی و مۆنۆپۆڵی دەسـەڵاتی سـیاسـی، ئەم واقیعە لە خۆیدا دژوەستانەوە بوو بەرانبەر حەقیقەتی گۆڕان کە یاسایەکی بەردەوامی ژیانە، بۆیە دەستەی رۆشنبیران، دەسەڵاتەکانی کەنیسەیان وەك ئاستەنگێك دەبینیەوە لەبەردەم هێزی مەعریفە وعەقڵدا، لە بەرانبەریشدا کەنیسە ئەم رەوتە فیکری و فەلسـەفیەی نێو کۆمەڵگای بە پاڵنەری شـەیتان دۆسـتان دەزانی و هەرگیز ملی بۆ گفتوگۆی راشـکاو لەبەرانبەر ئەم تەوژمەدا نەدەدا.

دیارە فەلسـەفەی رۆشـنگەری دەیویسـت دیوێکی جیاوازتری ژیان و بیرکردنەوە پێشـان بدەن، بەڵام کەنیسـە بە تۆمەتی جیاجیا لە ناوی دەبردن. سـێ رووداو سـەرهەڵدانی رۆشـنگەری خێراکرد، ئەوانیش( شـۆڕشـی پیشـەسـازی بەریتانیا، و شـۆڕشـی فیکری فەرەنسـی، و چاکسازی مەزهەبی لە ئەڵمانیا) بۆیە ئەم روداوانە لە شـۆڕشـی فەرەنسیدا رۆحێکی نوێی فیکری بەرهەمهێنا کە ئیدی ئەم چرکە سـاتەی مێژوو شـوناسـی خۆی لەگەڵ سـەردەمی پێش خۆیدا جیاکردەوە،کەدەسـتگرتنی رەهابوو بە عەقڵانیەتەوە، وەك جۆن لۆك و هاوڕێکانیشـی جەختیان لێدەکردەوە: کە پێویستە هەموو شتێك( بابەت)وەك کریستاڵ روون بێت.( الحناوی:٢٠٠٩،١٨)

بۆیە هەروەك زۆرینەی فەیلەسـوفانی رۆشـنگەری فەرەنسـی و بیریارانی ئەنسـکلۆپیدیین، ( ئەنتوان دسـتوت دو ترەیسـی ) یش بڕوای وابوو کە هەموو بوارە ئەزمونیە مرۆییەکان کە پێشـتر لە روانگەی لاهوتیەوە توێژینەویان لەسەرکرابوو، دەبێت ئێستا لە رێگەی عەقڵەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت.( فینسینت:٢٠١٧،١٧)پێویستە تێبینی ئەو راسـتیە بکەین کە ئایدیۆلۆجیا لەسـەر دەسـتی ( ترەیسـی ) بە شـێوازێکی ئەرێنی بەکارهاتووەو بۆتە سـەرەتای زانستێکی نوێ کە خەڵکانی رۆشنفکرو خاوەن هێزی عەقڵانی سەرقاڵی بوون،

کاتێك ئاراستەیەکی فیکری یا مەزهەبێکی سیاسی و ئایینی لە چوارچێوەی ئارگومێنت و سەلماندنی پرەنسیپی راسـتی و هەڵە و مەنتیقی بوون دەترازێت و فۆڕمێکی سـیاسـی پراکتیکی وەردەگرێت ئەوکاتە راسـتەخۆ بەر واقیع دەکەوێت، ، بۆیە ( ناپلیۆن )بەو پێیەی شـەرعیەتی سیاسـی و داگیرکارییەکانی لە کەنیسـە وەردەگرێت و دواجار ئەم تەوژمەش خەریکی تێکشکانی پایەکانی ئەو پاشماوە فیکریەن لێرەدا( ناپلیۆن ) هەست بە تەنگەبەری دەکات بەرانبەر خەونە ئۆتۆکراتیەکانی ، بۆیە تۆمەتباریان دەکات بە نانەوەی ڕاڕایی ( قلق ) ی سیاسی،

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەو گۆڕانە بکەین کە لە بەکارهێنانی چەمکی ئایدیۆلۆجیادا روویدا لەو ماوە زەمەنیە دیـاریکراوەدا ( ١٧٥٠-١٨٠٠ ) کە سـەرەتـا وەك لقێکی زانسـتی ئەزموونی مرۆیی لێی ڕوانرا، بەڵام دوای ئەوەی کە ناواخنێکی سـیاسـی و چاکسـازی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت ئەوا وەك بابەتێکی نەویسـتراوی بەرژەوەندی خوازانە سەیردەکرێت.

٢٥- العمر، د. معن خليل : التغير الإجتماعی، دار الشـــروق للنشـــر و التوزيع، الطبعة العربية الأولی، الإصـــدار الاول، عمّان –الاردن، ٢٠٠٤.

٢٦- العمر، د. معن خليل :مناهج البحث فی علم الإجتماع، دار الشـروق للنشـر و التوزيع، الطبعه الاولی، عمّان-الأردن، ١٩٩٦.

٢٧- عقيل، أ.د. عقيل حسـين: خطوات البحث العلمی (من تحديد المشـكلة الی تفسـير النتيجة)، دار ابن کثير للطباعه و النشر و التوزيع، دمشق-سوريا، الطبعه الأولی، ٢٠١٠م.

٢٨- غراوتيز، مادلين : مناهج العلوم الأجتماعية، الکتاب الثانی منطق البحث فی العلوم الإجتماعية، اســتاذة خبيرة فی جامعة باريس الاولی، ترجمة: الدکتور ســام عمار، مراجعة الدکتورة فاطمه الجيوشـــی، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم، مطبعه طربين، دمشق، ١٩٩٣.

٢٩- فيلالی، أ.د. صـالح : منهجية البحپث فی الأيديولوجيا،عند مؤسـســی علم الإجتماع و اليســار الجديد، الإمارات العربية المتحددة، جامعة الشارقة ، الشارقه، قسم علم الإجتماع، ٢٠١١.

٣٠- لوکاش ،جورج : التأريخ و الوعی الطبقی، ترجمة د. حنا الشـاعر، دار الأندلس،للطباعة و النشـر والتوزيع،بيروت-لبنان، الطبعه الثانية، ١٩٨٢.

٣١- د.محمد محمود الجوهری و ملائه: تأريخ التفکير الجتماعی (الرواد)، عمّان ، دار الميســـرة للنشـــر والتوزيع و الطباعة، طبعة الاولی، ٢٠١١.

٣٢- مانهايم، کارل : الأيديولوجيا و اليوتوبيا مقدمة فی سـوسـولوجيا المعرفة، ترجمة د.محمد رجا الديرينی، شـرکة المکتبات الکويتية، الطبعه الأولی، اکتوبر ١٩٨٠.

٣٣- ماکيفر و بيرج : ر. م و شارلز : المجتمع، الجزء الثالث، ترجمة: د.سمير نعيم أحمد، مکتبة النهضة المصرية، شارع عدلی باشا، القاهره، ١٩٧١.

٣٤- هوکس، ديفيد : الأيديولوجية، ترجمة: إبراهيم فتحی، المجلس الأعلی للثقافة، المشروع القومی للترجمه، ٢٠٠٠.

٣٥- حافظ، ناهدة عبدالکريم : تصميم البحوث الإجتماعية، مطبعه المعارف، بغداد، ١٩٨١.

٣٦- شفيق،محمد: الخطوات المنهجية لإعداد البحوث الإجتماعيه، المکتب الجامعی الحديث، الأسکندرية، ١٩٩٨.

٣٧- آيکن هنری: عصر الأيديولوجيا، ترجمة: محی الدين صبحی، مراجعة: عبدالحميد حسن، مشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧١.

38- Freeden, Michael: Ideology and political theory,Jornal of political Ideology, volum (11) (1) 3- 22 – 2006

**توێژینەوەکان:**

٣٩- إبراهيم ، فتاح ميديا : التغيّر لإجتماعي و علاقته بالتدين- دراســة الميدانية فی مدينة أربيل، أطروحة مقدمة الی مجلس کلية الآداب فی جامعة صلاح الدين- أربيل، ٢٠١٢ . غير منشورة .

٤٠- صــادق، ئاری ئەنوەر: ڕۆڵی دەســتەبژێری ڕۆشــنبیران لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە سەنتەری شاری هەولێر ، بڵاونەکراوە، نامەی ماستەر، ٢٠١٧.

